# چەند تیشکێک لەسەر ڕۆڵی عایشەلە ڕوداو مل ملانێکانی ئیسلامدا ...

بەشی یەکەم

ع ق بەختیار

حدثنا محمد بن يوسف حدثنا سفيان عن هشام عن أبيه عن عائشة رضي الله عنها أن النبي صلى الله عليه وسلم تزوجها وهي بنت ست سنين وأدخلت عليه وهي بنت تسع ومكثت عنده تسعا

عایشەیەک لەخێزانەهەرەخۆشەویستەکانی پێخەمبەربووەهەربەناوی( حومێرا) وەبانگی دەکرد حومێرا بەمانای زوڵف سور یان زوڵف خەنە یی، لەزۆر جێگادا مێژوو نوسانی ئیسلام باسی شۆخوو شەنگی عایشەیان کردوەکەکچی ئەبوبەکری سدیقە. موحەمەد پێخەمبەری موسوڵمانان لەتەمەنی( 52) ساڵیدا ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵدا دروست کردووە. نەیارانی ئیسلام زۆر بەتوندی باس لەناڕەوایی ئەو زەواجەدەکەن کەلەتەمەنێکی نابەرانبەردا موحەمەد کردویەتی . ئەوەی من لێرەدا دەخاتەگومانەوەلەتەمەنی عایشەی (9 )ساڵانی نەیارانی ئیسلام و (11) ساڵانی موسوڵمانانە. من لێرەدا دەمەوێت هەندێک باس لەمێژوو ململانێ و شەڕو کوشتارەکانی نێوان موسوڵمانان بکەم دوای مردنی موحەمە د. وەڕۆڵی عایشەلەشەڕو ناکۆکیەکاندا لەسەر دەستەڵاتی خەلافەت.دەگێرنەوەشەوێک موحەمەد و ئەبوبەکر باوکی عایشە دەستی عایشەیان گرتوو تارایەکیان دابوو بەسەریدا هەتاوەکوو هاتوو چۆکەران نەی ناسن . گواستنەوەی بە بێدەنگی بووەنەدەف لێدراوەنەئاوازیش خوێنراوەلەنیووەشەوێکی درەنگدا لەدوای نوێژی خەوتنانەوەبەچرایەک لەگەڵ دووان لەخزمەتکارەکەنی ئەبوبوکردا کەدوو سندوق کەلوپەلی عایشەی تێدابووەهێناویانەبۆ ماڵی موحەمەد . ئەو شەووەلەماڵی پێخەببەردا یەکێک لەژنەکانی پێخەمبەر بەناوی ( سۆدە) وەپێشوازی لەعایشەکردووەهەرلەو شەوەدا چەند پرسیارێکی لێکردوە. یەک لەو پرسیارانەی کەلێی کردوە. بۆچی شوت بەپێخەمبەر کردووە؟. وەڵامی دەداتەوەدەڵێت لەبەر ئەوەشوم پێکردوەکەبگەم بەهێزو دەستەڵات . ئارەزوت چی یە؟دروست کردنی کوڕ بۆ حوکم ڕانی لەدوای مردنی موحەمەد کەدەستەڵات بەسەر هەموو جیهاندا بکەم .بەڵام دوای بێ ئومێد بونی لەدروست کردنی منداڵ کە نەیتوانی وەمنداڵ هەڵبگرێت واتەنەزۆک بووەزۆر لەخەونەکانی یاخود ئاواتەکانی بەتاڵ دەبێتەوە، توڕەیی و بێزاری لەعایشەدا بەدەر دەکەوێت ،ئەمەیەک لەوهۆکارانەبووەکەزۆر ڕقی لەفاتیمەکچی پێخەمبەر و خێزانی عەلی کوری ئەبی تالیب بووەچونکەفاتیمەدوو کوڕی هەبووەکەدەبنەنەوەی پێخەمبەری موسوڵمانان . من لێرەوەدەچمەسەر ئەو ڕوداوانەی کەلەدوای مردنی موحەمەد ڕوی داوە، وەدەوری عایشە لە ڕووداو مل ملانێکانی نێوان خەلافەتەیەک لەدوای یەکەکانی ئەبوبوکری سدیق و عومەری کوری خەتاب و عوسمانی کوڕی عەفان و عەلی کوڕی ئەبی تالیب . دەگێڕنەوە( ابو عەباس) یەک لەپیاوەدیارەکانی هۆزی هاشمی بووەلەکاتی نەخۆشیەکەی موحەمەد دا هەولێکی زۆری لەگەڵ عەلی داوەکەڕازی بکات بچێت بۆلای پێخەمبەر پێی بڵێت کەجێنشینی خۆی دیاری بکات( ابوعەباس )پێی وا بووەکەموحەمەد عەلی بەشایستەدەزانێت لەدوای خۆی کەکاروو باری موسوڵمانان بەڕێوەبەرێت . بەڵام عەلی بەم پێشنیارەی ابوعەباس ڕازی نابێت . لەوەڵامدا دەڵێت من هیوادارم کەپێخەمبەر چاکبێتەوەئەگەر بیشمرێت من ئەو کارەناکەم .یەکەم جێگاداری پێخەمبەر دەبێت خودا دیاری بکات واتا خوا ئەمر بەپێخەمبەر بکات جینیشینی خۆی دیاری بکات من ناچمەلای بڵێم بم کەبەجێنیشینی خۆت.دووەم ئەگەر ئەم هەنگاوەبنێم پێچەوانەی ئەدەبەمن ناتوانم بێئەدەبی بەرانبەر بەپێخەمبەر بکەم . بۆیەئالەم کاتەدا کەئەو نەخۆشەمن بچم بڵێم بم کەبەجێنیشینی خۆت واتەپێی دەڵێم تۆ دەمریت ئەمەش بێئەدەبیەبەرانبەر بەپێخەمبەر و فاتیمە و منداڵەکانم کەئەوان باوەڕیان وایەچاک دەبێتەوەونامرێت بەم نەخۆشی یە..بەڵام زۆری نەبرد موحەمەد لەڕۆژی دووشەمەسیانزەی مانگی ڕەبیعی یەکەم کەساڵی یانزەهەمی کۆچی بوو ژیانی کۆتایی هات.ئەو ڕۆژەبۆ مەدینەڕۆژێکی تەموو مژاوی بوو . موحەمەد بێ جێنیشین لەژیان دەر چوو .مێژوو نوسان دەڵێن

هێشتا تەرمی پێخەمبەر نەشۆردرابوو عایشەلەناو خەڵکەکەدا بانگی ئەبوبەکری باوکی دەکات دەڵیت دەبێت تۆ کار بۆ ئەوەبکەیت کا ببیت بەخەلیفەی موسوڵمانان .عایشەدەڵێت لەم شارەدا سێ دەستەهەیەکەخۆیان ئامادەکردووەبۆ جێنیشینی پێخەمبەر یەکەم هۆزی هاشمیەعەلی دەست نیشان کراویانەناحەزی ترسناکی تۆیە،دووەم دەستەی ئەنساریەکانەدەستنیشان کراویان دیاری نیەچەند کەسێک باسدەکەن بۆ جێنیشین ئەمانیش ڕقیان لەئێمەدەبێتەوەچونکەئێمەلەمەکەووەهاتوین .دەستەی سێهەم کۆچکەرەکانی مەکەین کەهەموومان لەسەر دەست نیشانکردنی تۆ یەک ڕاین .هەرلەو کاتەدا عایشەعومەر بانگ دەکات هەتاوەکوو پێکەوەقسەلەسەر جێنشینی بکەن عومەریش بەهەمان شێوەی عایشەئەبوبەکرهان دەدات کەهەنگاو بۆ گرتنەدەستی خەلافەت بنێت ،هەر لەکاتی وتوو وێژی ئەواندا دوو کەسی کەلێیان نزیک دەبێتەوەیەکێکیان( عبدووڵای) ناو بوو کەسەر بەهۆزی( خەزرەج ) دەبێت ئەوی کەیان( سود) بوو سەر بەهۆزی( ئەووس) دەبێت ئەوس و خەزرەج دوو هۆزی گەورەو دیاری مەدینەدەبن ناکۆکی و ناتەبایی زۆر لەمێژینەلەبەینی ئەم دوو هۆزەدا هەبووەزۆر جار لەشکر کێشیان بۆ سەر یەکتری کردووە. ئەم دوو کەسەکەزانیان باسی جێنشینی پیخەمبەر دەکەن لێیان نزیک دەبنە وەعایشەلێیان دەپرسێت ڕاتان چۆنەلەسەر هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بەخەلیفەهاردوکیان لەوێدا دژی دەوەستن و دەڵێن خەلیفەهەق بەئێمەیە ،واتا ئەنساری ،ئەنساریەکان پێیان وابوو کەئەوان توانیویانەموحەمەد بگرنەخۆیانوو پشتیوانی لێبکەن ئەگەر مەدینەی یەکان نەبوایەموحەمەد نەی دەتوانی ئاوا بەزووی گەشەبکات. بەپێچەوانەووەخەڵکی مەککەموحەمەدیان بەرد باران دەکرد دڕکیان لەسەر ڕێگاکەی دادەنا پیسیان تێدەگرت بۆیەدەبێت خەلیفەلەخەڵکی مەدینەبێت هەر لەوێدا عبدووڵا و سۆد کەسیان ڕازی نەبێت بەبەیعەت کردنی ئەوی کەیان بۆیەشانسی ئەبوبەکر زیاتر دەبێت . لەو کاتەدا فاتیمەئاگای لەوتوو وێژەکەیان دەبێت علی بانگ دەکات و دەڵیت هێشتا باوکم بەخاک نەسپێردراوەلەبری ئەوەی کەبێن بەلای جەنازەکەی پێخەمبەرەوەسەیرکەچۆن لەهەوڵی گرتنەدەستی دەستەڵاتدان بەدڵی پڕلەگریانەوەئەم قسانەیی کرد فاتیمە.لەگەڵ عەلی چوەوەئەو ژوورەی کەتەرمی موحەمەدی لێدانرابوو . بەینی عایشە و علی نارێک بوو لەدوای ونبونی عایشەلەلەشکری موحەمەد لەمەدینەوەبۆ سەر سنوری هۆزی( بنومسطلق) دوای ڕۆژێک شەڕکردن لەگەڵ یاندا خۆیان تەسلیم کرد ئەو هۆزە. لەگەڕانەوەیاندا عایشەوندەبێت لەکەژاوە کەی خۆی پاش شەوڕۆژێک( عەمرو) کەدانرابوو بۆ خزمەت کردنیعایشەپێی دەزانێت بەتەنیا دەگەڕێتەوەبەدوایدا لەدوای وشترەکەی( سەفوان کوری مسطل سهلی) لەبیابان دەی بینێتەوە،عایشەدەڵێت بەجێماوم لەلەشکر هەر لەدوای ئەم ڕوداوەوەدانگوباسی جۆراوجۆر لەمەدینەدا بڵاو بوەوەلەوکاتەدا (عبدووڵا ابی) کەیەک لەشاعیرەباشەکانی ئەوکاتەدەبێت هەندێک شیعری( هجوی) نوسی لەسەر عایشە. بە بۆنەی ئەم ڕوداوەوەلەسورەتی( نور)دا ئایەتی(12بۆ27) لەسەرجێمانی عایشەوەپێکەوەبونیان لەگەڵ سەفوان لە قورعاندا هەندێک ئایەت لەسەرئەو مەسەلە یەهاتووە. علی لەدوای ئەم ڕوداوەداوا لەموحەمەد دەکات عایشەتەڵاق بدات. ئەم هەڵوێستەی عەلی بەرانبەر بەعایشەلەلایەکوو نەبونی منداڵ لەلایەکی کەعلی کوڕی مامی مەحەمەد مێردی فاتیمەدوو منالّیان هەبوو هۆکاری سەرەکی دەبن بۆ ڕق لێبونی عایشەلەعەلی .عایشەلەگەڵ ئەبوبەکر و عومەر دەگەڕێنەوەئەو جێگایەی کەتەرمی موحەمەدی لێ دانرابوو بەگەڕانەوەی داوا لەعەباس وعلی هەردوکیان دەکات ئەوان دەبێت تەرمی پێخەمبەر بشۆرن فاتیمەو علی و خەڵکە کەبەم پێشنیارەی عایشەسەرسام بوون هەندێک پێی وابوو کەئەمەلاپەڕەیەکی نوێیەدەیەوێت لەگاڵ عەلی و فاتیمەدا بکاتەوەبەڵام نەیان زانی ئەو پێشنیارەچی لەپشتەوەیەهەتا هەڵبژاردنی ئەبوبەکر بەخەلیفە.کاتی شۆردنوو بەخاک سپاردنی پێخەمبەر لەوێدا دیاری دەکرێت هەر لەلایەن عایشەوەئەویش سبەینێ نیوەڕۆ، لێرەدا عەلی و عەباس خەریک دەکات بەشۆردنی پێخەمبەرەوە.لەجێگایەکی کەداکۆبونەوەیەکی کەی پێک هێنابوو بۆ هەڵ بژاردنی ئەبوبەکری باوکی بۆ خەلیفەبۆیەلەکاتی دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی ئەبوبەکردا پیاوانی هۆزی هاشمی کەسیان ئامادەنەبوون، ئا لێرەوەخەڵکی زانیان پێشنیاری عایشە بۆ شۆردنی موحەمەد لەلایەن علی و عباسەبۆ چی مەبەستێک بوە،دڵنیاش بووەلەوەی کە ئەنسار واتە(ئەوس و خەزرەج) ناتوانن ڕێک بکەون لەسەر پاڵێوراوی خەلیفە. بەم شێوەیەئەبوبەکری

سدیق کرا بەخەلیفەی یەکەم. لەدوای مردنی موحەمەد هەر لەدوای گەڕانەوەی لەکاروان سەرای بازرگانان ئەبوبەکر دوای پێشنوێژی کردن لەمزگەوت دەچێت بۆلای عەلی پێی دەڵێت کەهەڵبژێردراوم بەخەلیفەداوت لێدەکەم بەیعەتم پێبدەیت .عەلی سەرسام دەبێت بەئەم هەواڵەدەڵێت کەی؟لەکوێ هەڵبژێردرایت؟وەڵامی دەداتەوەئەبوبەکر دەڵیت ئەم عەسرەلەکاروان سەرای بازرگانان . عەلی توڕەیی و ناڕەحەتی زۆر پێووەدیار دەبێت و پێی دەڵیت من بەیعەتت پێنادەم چونکەبەفرتوو فێل خۆت کردوەبەخەلیفە.هەڵبژاردنەکەئاسایی نی یە.بۆیەعلی لەوێدا بڕیار دەدات کەمەدینەبەجێ بهێڵێت ودەڕوات ولەمەدینەدەر دەچێت.لەکاتی خەلافەتی ئەبوبەکردا فەقیریوو نەداری ڕۆژبەڕۆژ پەرەی دەسەند بۆیەخەلیفەیان ناچارکرد کەبیرێکیان لێبکاتەوەچارەسەری برسێتی خەڵکی بەبیت المال نەدەکرا بۆ یەئەبوبەکر بیری لەدروست کردنی شورایەک کردەووەتا بیر لەبەرنامەیەک بکەنەوەبۆ شەڕلەگەڵ کافراندا ئەوانەی کەباوەڕیان نەهێنابوو بەئیسلام.شوراکەش لە(عومەری کوڕی خەتاب و خالیدی کوڕی وەلید و ابوعوبێدەو عومەر بنعاس و ابن هاشم )پێکهاتن.بەرنامەیەکی (10 )ساڵیان دانا بۆ شەڕ لەگەڵ کافراندا .بڕیاریان دا کەلەدەسکەوتەکانی شەڕ کەدەستی لەشکری موسولمانان دەکەوێت( 4.5)ماڵی کافران بۆ جەنگاوەران کەدەستیان دەکەوێت لەپەلاماردانەکاندا و (1. 5) لەگەڵ زەویەکاندا بۆ خەلیفەبێت و خەلیفەش بیگوازێتەوە بۆ بیت المال.ئەم بڕیارەلەسەردەمی عومەریشدا پەیڕە ودەکرا و فراوان بوو . پێشتریش لەنێوو دەورگەی عەرەبیدا ئەنفال کردنوو تاڵانکردن لەلایەن هۆزێکی دەستەڵات دارەوەدەکرا بۆ سەر هۆزەکەم دەسەڵات دارەکان . بەبۆنەی ئەم بڕیارە وەکەدەستەڵاتی خەلافەت لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومەردا پەلی هاوێشت .لێرەوەشمشێر وەشێنانی ئیسلام ئەوەنەی بۆ تاڵانی و کەنیزەو ڕاوڕوت ئارەزویان لەخەزوو پەلاماردان فەتح بوو ئەوەنەبۆ سەر کەوتنی ئیسلام تێیان نەدەکۆشا .عایشەدەچێت بۆ لای ئەبوبەکر داوای بەشی خۆی دەکات لەدەستکەوتی شەڕ هەرلەوێدا دەنێرێت بەدوای (ابن هاشم ) دا ئەبوبەکر دەڵێت ساڵانە(12 )هەزار درهەم لەبیت المال بدرێت بەعایشە.لەوکاتەدا بەهەزاران فەقیروو نەدار لەناو مەدینەو ئەوجێگایانەدا هەبوو کەحوکمی ئیسلام تەیدا باڵادەست بوو ،عەلی و فاتیمەکەنەوەی موحەمەد بوون یەک لەکەم دەستەکانی ناوچەکەبوون. عەلی کاتێک بەوەی زانی ئەبوبەکر ساڵانە (12)هەزار درهەمی بۆ عایشە لە بیت المال بڕیوەتەوە گەڕایەوە مەدینەو چوو بۆ لایٚ ئەبوبەکر پێی گووت من بەیعەتم پێنەداویت دەتوانم لەسەر هەندێک مەسەلە قسەت لەگەڵ بکەم ئەبوبەکر لەوەڵام دا دەڵێت من بەئارەزوی خۆم نەبوم بەخەلیفەی موسوڵمانان هەر لەبەر ڕونەدانی بێسەروو بەرەی وهەڵنەگیرسانی شەڕی نێوخۆی موسوڵمانان من ئەوەم قبوڵکردووە.ئەبوبەکر بەعلی دەڵێت دەتەوێت بڵێی چی؟ .عەلی گوتی تۆ ئاگات لەوەزعی موسوڵمانانەلەچی وەزعێکدا دەژین؟ ئاگات لەنەوەکانی پێخەمبەرە ژیان و گوزەرانیان جۆنە؟لەکاتێکدا( 12) هەزار درهەم بۆ عایشە لە بیت المال دیاری دەکەیت ؟.ئەبوبەکر لەوەڵامدا دەڵێت عەلی من هەر لەبەر پەیداکردنی نانی ئەو خەڵکە بیرم لەدروست کردنی شورایەک کردووەتەوە بۆ( 10)ساڵ جەنگ لەگەڵ کافراندا ڕودەکاتە عەلی پێی دەڵێت ئامادەیت هاوکاریم بکەیت لەم کارەدا ؟ عەلی لەوەڵامدا دەڵێت ئامادەم کار بکەم بۆ گەشەکردنی دین و دەستەڵاتی ئیسلام .ئیتر ئەبوبەکر زانی عالی دەیەوێت هاوکاری بکات هەوڵیدا لەگەڵ عایشە ئاشتی بکاتەوەداوای کرد لەعەلی کەئەو ساردیەی لەنێوانی ئەو عایشە دا دروست بووەنەمێنێت .عەلی گوتی من لەگەڵ عایشە کچی تۆدا هیچ منیە تەنها ڕفتاریم بەدڵ نیە.دەڵێت ڕفتاری چی عەلی ؟عەلی گوتی خواوەند گوتویەتی (وازواجە امهاتکم) ناونیشانی هەریەک لەژنەکانی پێخەمبەر دایکی موسڵمانانەژنی پێخەمبەر نابێت دوای مردنی پێخەمبەر شوبکات ئەگەر وای کرد وەک ئەوە وایە شووبە کوڕی خۆی بکات . ئەبوبەکر بەم قسانە توڕەیی لەڕوخسار بەدەر دەکەوێت و دەڵێت عایشە بە پێچەوانەی ئەم دەستورە هەڵسوکەوتی کردوە؟یان بەنهێنی شووی کردووە؟عەلی لەوەڵامدا دەڵێت ئەبوبەکر من پیاوی درۆ وخەیبەت نیم بجۆ لە(طلحە) بپرسە لێرەدا ئەبوبەکر ڕەنگی تێک دەچێت و سەر دادەخات و دەڕوات. هەوڵەکەی ئەبوبەکر بۆ ئاشت کردنەوەی عەلی وعایشە بێ ئەنجام دەر دەچێت. ، ، ، ، ، ، ، ماویەتیی ،